# وێنەی دووبارە
# لە شیعرەکانی حەمدیدا

د. فەرهاد قادر کەریم/ فاکەڵتی پەروەردە/ کەلار
د. ابراهيم عبدالرحمن محمود/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان و وەرزش/ خانەقین

پێشەکی :

وێنە یەکێکە لەو ڕەگەزە سەرەکییانەی، کە دەقی شیعری هەرگیز دەستبەرداری نابێت و ناتوانێت بە بێ وێنە پارێزگاری لە سیما هونەرییەکەی بکات، هەربۆیە بەردەوام شاعیر لە خەمی داهێنانی وێنەی شیعریدایە، بەو ئامانجەی شیعرێتی دەقەکانی بپارێزێت و گیانی نەمرییان بە بەردا بکات، لەو هەوڵ و کۆششەدا هەندێ جار شاعیر (بە ئاگاییەوە بێت یا نائاگایی) زیاتر لە جارێك وێنەیەك( چ لەیەك دەقدا بێت یاچەند دەقێکی جیاواز) دووبارە دەکاتەوە، لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدەدەین ئەو جۆرە وێنانە لە لای شاعیرێکی وەکو (حەمدی)، کە بە یەکێك لە شاعیرە دیارەکانی چینی دووەمی قوتابخانەی بابان دادەنرێت، دەستنیشان بکەین و هۆکار و چۆنێتی و چەندێتی ئەو دووبارەبوونەوەیەش بخەینەڕوو .

سەرەتا پێش ئەوەی بڕۆینە ناو باسەکەوەو تیشك بخەینە سەر چەمکی (وێنەی دووبارە)،و چوارچێوەکەی دیاری بکەین، بەپێویستی دەزانین تێڕوانینی(د. نعيم اليافي) لەبارەی ئەمجۆرە وێنەیەو جیاکردنەوەی لە(وێنەی ئامادەکراو/ کلێشەیی) بخەینەڕوو،کە بەوە لێکیان جیادەکاتەوە (( یەکەمیان بنیادنراوی خودی شاعیرە، بەڵام دووەمیان لە شاعیرێکی ترەوە دەخوازرێت یا وەردەگیرێت.)) (١) بەبڕوای ئێمە بەهۆی زۆری سەرچاوە ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەکان و جیاوازی زانیاری و ئاست و تواناو ئەندێشەی شاعیرانەوە، کارێکی دژوارە بە ڕەهاییانە بتوانین بڵێین ئەم وێنەیە بە تەواوی بەرهەمی بیرو ئەندێشەی شاعیر خۆیەتی و ئەویتر بەتەواوی تارمایی شاعیرێکی تری لە سەرە، بەتایبەتی بۆ جۆری یەکەمیان، هەربۆیە خودی نووسەر بۆ ئەوە دەچێت، کە ((ڕەخنەگر بۆ جیاکردنەوەی ئەو دوو جۆرە وێنەیە پێویستی بە شارەزایی و ڕۆشنبیرییەکی فراوان هەیە لە سەر کەلەپووری کۆن و شیعری شاعیران .))(٢) لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرنج و تێڕوانینانە بەپێویستی دەزانین، وردتر سەرنج و بۆچوونەکانمان لەسەر چەمکی(وێنەی ئامادەکراو)دەربڕین و دواتر ڕوو لە (وێنەی دووبارە) بکەین.

به بڕوای ئێمە ئەوە بە پەسەندتر دەزانین، کە بەو وێنانە بگوترێن (وێنەی ئامادەکراو)، کە مێژوویەکی دوورو درێژییان هەیەو بەشێکیان لە شیعری نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان بەگشتیی و شیعری کوردی و فارسی و عەرەبیدا بەتایبەتی دەبینرێن و بەشێوەیەکی زەق دووبارەبوونەتەوە(٣)، وەکو چواندنی( ڕوو بە مانگ یا گوڵ یا شەمع، برۆ و برژانگ بە شمشێر یا خەنجەر یا تیر ، زوڵف بە شەو یا زنجیر یا مار ، دان بە مرواری ، دەم بە خونچە ،لێو بە لەعل یا مەرجان ، چاو بە نێرگس ، بالاّ بە سەروو یا عەرعەر یا چنار و........ هتد) ،جا ئەو دووبارەبوونەوەیە دەقاودەق بێت یا بە دەستکارییەوە بێت، ئەمە وەکو دیاردەیەکی ڕوون بەتایبەتی لە لای زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کورد دەبینرێت، پێشتر لە توێژینەوەیەکی ترماندا لە بارەی ئەمجۆرە وێنانەوە وتوومانە:–(( ناتوانین بیانکەینە موڵکی تەنها شاعیرێك ، هەربۆیە ئاسان نییە وێنەیەکی لەو جۆرانەی لای حەمدی بۆ یەکێك لە شاعیرانی پێشوو بگێڕینەوە، واتە ناتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین ئەم وێنانەی لای شاعیر لە وێنەی فلاّن شاعیرەوە سەرچاوەیان گرتووە.))(٤) واتا وێنەی ئامادەکراو بەو وێنانە دەوترێت ،کە هاوبەشن و کەم و زۆر لە بەرهەمی شاعیرانی کلاسیکماندا دەبینرێن و دووبارە بوونەتەوەو تاڕادەیەك وەکو شیعری فۆلکلۆریی خاوەن یان داهێنەری ڕاستەقینەیان دیار نییەو هێندە هەیە هەر شاعیرەو بەپێی تواناو ئەندێشەی خۆی مامەڵەی لەگەڵیاندا کردووەو بەرجەستەی کردوون .

سەبارەت بە (وێنەی دووبارە)ش، بە زانستانەتری دەزانین بڵێین، ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە زۆرترین مۆرکی خودی شاعیری پێوەدیارەو زیاتر لە جارێك لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا دووبارەبووەتەوە، دیارە ئەو ڕاستییەشمان لەبەرچاوە، کە بمانەوێ و نەمانەوێ (کەم و زۆر) شاعیر سوود لە ئەزموونی شاعیرانی تر وەدەگرێت (ئەمە کارێکی ئاساییە)، بەڵام لە داهێنانی وێنەی دووبارەدا گرنگە کەمترین جێ پەنجەی شاعیرانی تر دیار بێت، هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو چەمکەش ڕوو لە وێنە شیعرییەکانی (حەمدی) دەکەین و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین، چونکە دەقە شیعرییەکانی حەمدی وەکو بەرهەمی هەر شاعیرێکی تر بێبەش نیین لەم تەرزە وێنانە، گەلێك وێنەی لەلا بەدی دەکەین، کە بە بڕوای ئێمە زیاتر زادەی بیرو ئەندێشەی حەمدی خۆیەتی، هەربۆیە بەپێویستی دەزانین لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە چۆنێتی و چەندێتی ئەو وێنانە لەلای حەمدی دەستنیشان بکەین و لەبەر ڕۆشنایی (نموونە شیعرییەکانیدا) سەرنجەکانمان بخەینەڕوو. هەرچەندە لە ڕووی داهێنانەوە پایەی وێنەی دووبارە لە وێنەی ئامادەکراو بەرزترە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە شاعیر بۆ ئەوەی زۆرترین مۆرکی داهێنەری پێوە دیاربێت، دەبێت تا دەتوانێت خۆی لە بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە وێنەیە بە دوور بگرێت یان هەر هیچ نەبێت هەوڵبدات ڕێژەیەکی کەمی لێ هەبێت. جا ئەو دووبارەبوونەوەیە زۆر جار شاعیر بەبێ ئاگاییانە و هەندێ جاری تریش بە ئاگاییەوە ڕوودەدات، لەم بۆچوونەماندا ئەو ڕاستییەش لە بەرچاو دەگرین، کە حەمدی یەکێك بووە لە شاعیرە دیارەکانی کلاسیکی کوردیمان و وەکو (د. مارف خەزنەدار) بۆی چووە دیوانەکەی بە یەکێك لە دیوانە گەورەو تەواوەکانی شیعری کلاسیکمان دادەنرێت(٥). بێگومان زۆری

بەرهەمەکانی یەکێکە لەو هۆکارانەی دەرگای لە دایکبوونی لە بەردەم دووبارەبوونەوەی وێنەدا کردووەتەوە، هەروەك دووبارەبوونەوەی هەندێ لە وێنەکانیش بە هەمان فۆرم و واتاوە هۆکارەکەی بۆ بیر تەنکیی و سنورداریی ئەندێشەی شاعیر دەگەڕێنینەوە، کە نەیتوانیوە داهێنان بکات ، هەروەها پەسەندکردنی بیری هەندێ لە وێنەکان و گونجاندنی لەگەڵ بیرو بۆچوونی شاعیرداو زاڵکردن وپەسەندکردنیان بە سەر هەندێ بیری تر داو دووبارەبوونەوەی ڕووداو و هەڵوێستەکان هۆکار گەلێکی تری دووبارەبوونەوەی وێنەن لەلای حەمدی، کە بە بڕوای ئێمە دووبارەبوونەوەی وێنە لای ئەم شاعیرە،بە سێ شێوە دەبینرێت (دووبارەبوونەوەی فۆرم و واتا)، (گۆڕانی فۆرم و دووبارەبوونەوەی واتا)، (دووبارەبوونەوەی فۆرم و گۆڕانی واتا ). دەتوانین بڵێین لە ڕووی داهێنانەوە پلەو پایەی شێوەی یەکەم لە شێوەی دووەم و سێیەم نزمترە و بەرهەمی ئەندێشە تەسکیی شاعیرە، هەربۆیە کەمی ئەم شێوەیە (دووبارەبوونەوەی فۆرم و واتا) لای حەمدی ئەو ڕێگەیەمان بۆ خۆشدەکات بە شاعیرێکی بەتوانا و بە دەسەلأت ئەژماری بکەین. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی کرۆکی توێژینەوەکە ڕوو لە وێنەکان دەکەین و بەپێی مەبەست چەند کۆمەڵە وێنەیەك جیا دەکەینەوە :-

<u>کۆمەلەی یەکەم :</u>

نەمانی شت و کەس و دیاردەکان لە جێگەی خۆیاندا، واتا جێگۆڕکێ کردنیان، ئەمە یەکێکە لە دەرکەوتووترین ئەو وێنانەی، کە دووبارەبوونەتەوە :-

١- هەر ناڵە وا لە بورجی جەلالا وەکو هیلال

هەر ماهە وا لە کونجی مەلالا لە نالْ ئەچێ

٢- نەگبەتییە ئەو کەسە کە عیززەتی نەفسی عرووج ئەکا

شامی مەلالی بۆیە لە ڕۆژی جەلال ئەچێ

٣- گەهـ ڕۆژە وا دەبێ بە ئەسیری زەڵلأمی شەو

گەهـ بەدری کامیلە کە بە دەردی هیلال ئەچێ

٤- بێ لێوە ئەم جیهانە تەماشاکە نەیژەنی

بینایی کوێرە ئەفسەحی دایم لە لالْ ئەچێ (٦)

ئەو چوار دێڕەی سەرەوە لە چوارچێوەی یەك دەقدا هاتوون، کە ناونیشانەکەی (زەمان) ە ، ئەمەش ڕاستەوخۆ بیری خوێنەر بۆ لای (ڕۆژگار) دەبات و دەیکات بە هۆکارو بەرپرسی سەرەکی لەوەی، کە نەیهێشتووە شت و کەس و کەرەستەکان لە جێگەو پایەی خۆیاندا بمێننەوە و نەگۆڕێن، نەك هەر ئەوە بەڵکو شتە بەرزو بە بەهاو جوانەکانی نزم و بێنرخ و ناشیرین کردووەو بەپێچەوانەشەوە، بەبڕوای ئێمە ئەم تێڕوانینەی شاعیر ئەگەر بەشێکی لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە چەرخی ڕۆژگار گەلێك جار بە پێچەوانەی حەزو ئارەزووەکانی مرۆڤ دەسوڕێتەوە و کاری خۆی دەکات، ئەوا بەشەکەی تری بە هۆی ئەو دۆخە سیاسیی و کۆمەڵأیەتییەوە بووە، کە حەمدی تێیدا

ژیاوه، بەتایبەتی ڕۆژانی حوکمڕانی دووەمی (شێخ مەحموودی نەمر) ، کەوا دۆخێك هاتبووە پێش کەسانی نەشیاو لە شوێنی شیاودا بن و بەپێچەوانەشەوە، ئەم دیاردەیە یەکێك بووە لە هۆکارەکانی ناشیرینکردنی سیمای ئەو حوکمڕانییە.(٧) شاعیر لە ڕووی خەمخۆری و دڵسۆزییەوە لە چەندین وێنەی تردا بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەردەی لەسەر ئەو دیاردە ناتەندروستە هەڵداوەتەوەو ڕەخنەی لێگرتووە. (٨)

گەر سەرنج لەو چوار دێڕەی سەرەوە بدەین،دەبینین لەیەکەمیاندا (ناڵ )چووەتە بورجی جەلال وەکو (هیلال)، (ماە/ مانگ) یش وەکو (ناڵ) لە کونجی (مەلال) دایە،واتا سیفەتەکانی (ناڵ) لە (نزمی، بێنرخی، ناشیرینی)ەوە گۆڕاوە بۆ (بەرزایی، بە بەهایی، جوانی) ،چونکە جێی (هیلال)ی گرتووەتەوە. بە پێچەوانەشەوە (مانگ) ،کە لێرەدا بە قەرینە بۆ ئەوە دەڕۆین، (مانگی چواردە)ی مەبەست بێت، سیفەتەکانی لە (پڕی و گەشی، بەرزی، جوان)یەوە گۆڕاوە بۆ (باریکی، نزمی، ناشیرین )ی، لەبەر ئەوەی جێگەی (ناڵ)ی گرتووەتەوە.

شاعیر لە دێڕی دووەمدا ڕاستەوخۆ ئەو بۆچوونەی پێشتر خستمانەڕوو، دەردەبڕێت و کەسەکان دەکاتە ئامانج و لە وێنەکەدا پەردەی لەسەر ئەو ڕۆژگارە هەڵماڵیوە، کە مرۆڤ بۆئەوەی ژیانێکی بەختەوەرو ئاسوودەی هەبێت پێویستە عیززەتی نەفسی خۆی بشکێنێت، ئاڵوگۆڕەکەش لە نێوان دوو شتدا کراوە:-

ژیانی کەسی خاوەن عیززەت نەفس بەرز = شەوی بێزاری و پەستی

ژیانی کەسی خاوەن عیززەت نەفس نزم = ڕۆژی شکۆدار

لە دێڕی سێیەمدا هەمان بیر دووبارە دەبێتەوە، بەڵام لە نیوە دێڕی یەکەمدا بیرەکەی لە ڕێگەی سەرچاوە سروشتییە گەردوونییەکەوە (کۆتاییهاتنی ڕۆژ و هاتنی شەو)ەوە دەربڕیوە و ئاڵوگۆڕ بە جێگە و پایەی (شەو و ڕۆژ) کراوە ،کە ئەمەیان خوێنەر بە سروشتی و ئاسایی وەریدەگرێت ، بەڵام لە نیوە دێڕی دووەمدا بەهۆی دەربڕینی (بە دەردەی)یەوە ، ئەو دەخاتەڕوو، کە (مانگی چواردە) وەکو (هیلال) تەماشا دەکرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. واتا لە (پڕی و گەشی و خڕیی) یەوە دەگۆڕێت بۆ (باریکی و ناڕوونی و کەوانەیی)، نەیووتوە مانگی چواردە لەدواییدا وردە وردە کەم دەکات و وەکو هیلال باریك دەبێتەوە، کە ئەمەیان دۆخە سروشتییەکەیەتی. (٩)

حەمدی لە دوا دێڕدا ڕاستەوخۆ ڕوو لە (جیهان) دەکات و بیری ئاڵوگۆڕکردن بە شتەکان و ئەرکەکانیان لە ڕێگەی دەربڕینەکانی وەك (بێ لێو – نەیژەن) ،(بینایی – کوێر )، (ئەفصەح – لاڵ) ئەنجامدەدات. لە کۆتاییدا پێویستە بڵێین تەماشاکردنێکی ئەو وێنانەی سەرەوە، ئەم تێبینییانەمان لەلا دروست دەکات :-

أ. بیری هەرچوار دێڕەکە زۆر لە یەکترییەوە نزیکن، ئەمەش وەکو ڕایەڵێك لە نێوان وێنەکانی تری ناو هەمان دەق سەرنج ڕادەکێشێت و لەوەدا ڕۆڵی خۆی بینیوە، کە پەیوەندییەکی واتایی لە نێوان وێنەکاندا دروست بکات، واتا سەرباری ئەو یەکێتی دێڕەی لە واتای شیعری کلاسیکیدا

بەردەوام بوونی هەیە، یەکێتی بابەتیش بێتەکایەوە.
ب. سەرباری یەك بیری وێنەکان هەندێ جار ئەو کەرەستانەی، کە بیری وێنەکەیان لەسەر گەڵاڵە کراوە، خۆیان یا هاوشێوەکانیان دووبارەبوونەتەوە،لە دێڕی یەکەمدا (نالْ، بورجی جەلال، هیلال، ماه ، کونجی مەلال) هاتووە، لە دێڕی دووەمدا (شامی مەلال ، ڕۆژی جەلال) هاتووە، لە دێڕی سێیەمیشدا ( ڕۆژ ، شەو ، بەدری کامیل ، هیلال ) هاتووە .

جگە لەو چوار دێڕەی سەرەوە، حەمدی لە چەندین دێڕی ناو دەقی جیاوازدا هەمان ئەو بیرەی دووبارەکردووەتەوەو ئەمەش چەند ڕاستییەکمان لەلا گەڵاڵە دەکات :-
١. حەمدی وەکو کەس و وەکو شاعیر لەگەڵ ئەوەدا بووە، کە کەس و شتی شیاو لە شوێنی شیاوی خۆیاندا بن .
٢. نەمانی کەس و شتەکان لە جێگەی شیاوی خۆیاندا وەکو دیاردەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی لە سەردەمی ژیانی حەمدیدا بوونی هەبووە، هەربۆیە حەمدی لە ڕووی دڵسۆزییەوە نەیتوانیوە لە بەرامبەریاندا بێدەنگ بێت و وێنەی کێشاوە. لێرەدا چەند نموونەیەکی تری لەو شێوەیە دەخەینە پێش چاوو هێڵ بە ژێر ئەو ڕەگەزانەدا دەهێنین، کە مەبەستی دووبارەبوونەوەی بیری وێنەکانیان تێدایە:-

١. بینایە کوێر و دادی فەساحەت دەدا کە لاڵ
کافی نییە لە نووری موحیببەت ئەمەندە خەرق (١٠)

٢.هەمیشە بکرە دنیا چونکە مەعشوقی کەسانێکە
خەیاڵی دەرکی بێ کوێرە ئومێدی نوتقی بێ لاڵە (١١)

٣. مەعشوقی ئەمەل میثلی هیلالێکی ضەعیفە
بەدرێکە کە دەرکەوت خەمی ئەبرۆی حەوادیس (١٢)

٤. وا سەرت شێواند لە عالەم کەوتە عەکسی ئیقتیزا
دەربەدەر بوو جێنشین و جێنشین بوو دەربەدەر ( ١٣)

٥. من لە ژێر سایەی فەلەکدا ئارەزووی ژینم نییە
هەر کەوە دەیکا بە بازو بازە هەر دەیکا بە کەو (١٤)

٦. هەر لقوپۆپی درەختی میوەدارە وشك ئەکا
هەر خەریکە سەوزو تەڕ کا داری بێبەر ئاسمان (١٥)

٧. هەر شکستی ئەهلی مەعنای مەتڵەبە دەورانی پیر
ڕەش دەخاتە سەر سپی پیسی ئەکاتە پاکەوە (١٦)

٨. کە مادام ئینقیرازی عالەمێکی مەقسەدە گەردوون
بەڵێ ئیشی موافق قەت لە کرداری فەلەك ناچێ (١٧)

٩. پێ بنی مەجلیس تەماشاکە ئەگەر ئەهلت دەوێ

بەحرە دنیا گەوهەری ژێر خستووە خاشاکی ژوور (١٨)

١٠. دەخیلە داخڵی تەئریخی کەن ئەم وەزعە بۆ عیبرەت

ئەوی بێ ناوە ناودارە ئەوی ناودارە بێ ناوە (١٩)

١١.ئەی ڕەقیب بۆ چاری دەردم ئحتیاجم کەوتە تۆ

ئێستە هەر گاور ئەنوسێ نووشتە بۆ شێخ و مەلا (٢٠)

١٢. ئینقیلابی دەهرە نەعنا بۆ بە پنگەو گوڵ گییا

پۆست نشینی ئەولیایە پۆست کەند و ئەشقییا

سەبحەیی سەد دانە فیشەکدانە سیواکە تفەنگ

فکری دز زیکرەو تەقەی قاتیل سەدایی ئەتقیا

قاتیل و ڕەهزەن بە تەعلیماتەوە شەو دێنەدەر

وەك بچن بۆ جومعە حاجی و سۆفیی وشێخ جیاجییا

ماڵی دنیا کاول و ئاوا قییامەت بۆیە بوو

خەرگەلە کەوتوونە دەعوای تێگەیینی ئەزکییا

وا کرا ئیعلانی حوڕیەت بە ناوی شەرعەوە

هەرچی نەکرابوو کرا هەرچی کە نەشیا بوو شییا (٢١)

خۆزگە ئەمزانی بەسەرمانا زەمان بۆ ناز ئەکا؟!

زەربی ئادابی قەواعید بۆ بە ئەمری شاز ئەکا

کۆترە باریکە قەلە باچکەش کە گاڵتەی پێ ئەکرد

وا بە پەڕ بازی خەریکە مەغلەتەی شەهباز ئەکا (٢٢)

١٤. من عاشقی هوما بووم، وا بوومە هەمدەمی (بووم)

زەمانە نانەجیبی دانا لە جێی نەجیبا (٢٣)

کۆمەڵەی دووەم :

بێ دەرمانی عیشق، فرێزو دەستەواژەیەکی عەشق و دڵدارییە، بۆتە وێنەیەکی شیعری حەمدی و لە چوار دێڕدا، ئەو بیرەی خستوەتەڕوو، کە هەر کەسێك تووشی عیشق بوو دەرمان و چارەسەری نییە :-

١. ئەو زەمانە بۆ هەموو دەردێ دەوایان دادەنا

ئەهلی حیکمەت دەردیان داناوە بۆ دەرمانی دڵ (٢٤)

٢. چاری دەردی عەشقی پێ نەکرا فلاتوون و وتی:

تێکەڵی خوێنە موحەققەق ڕووحە وا چۆتە دەمار (٢٥)

٣. سەیری بیمارانی ئولفەت بۆیە قەت ناکا تەبیب

نۆش داڕوو کەی دەکا ئازاری ئولفەت ئیندیفاع (٢٦)

٤. بە سەر ئەمرازی عەشقا کەی دەوا تەئسیری پێدەکرێ

دەفەرموو دەفعی زەهری ماری پەرچەم کا لە دڵ تریاك (٢٧)

لە دێڕی یەکەمدا (دەرد)، کە چارەسەری نییە، خۆی دەرمانی عیشقە (دڵ)، لە دێڕی دووەمدا ئەفلاتوون وەکو پزیشکێکی بە توانا و شارەزا دەستەمۆیی خۆی لە بەرامبەر چارەسەرکردنی دەردی عیشق رادەگەیەنێت، هەر ئەو بیرە لە دێڕی سێیەمدا لە ڕێگەی دەرمانی (نۆشداڕوو)ەوە کەوا لە کوردەواریدا وا باوەو ئەم دەرمانە چارەسەرە بۆ سەختترین نەخۆشیی، بەرجەستە دەکات و بێهودە بوونی پزیشك لە چارەسەر کردنی دەردی عیشقدا دەخاتەڕوو. لە دوا دێڕدا (تریاك) کەوا بەناوبانگە چاری مار پێوەدراو دەکات، بەڵام ناتوانێت چاری دەردی دڵی عاشق بکات ، کە بەهۆی ژەهری پەرچەمە مار ئاساکانی یارەوە پێکراوە.

بە کورتی بیری هەر چوار وێنەکە لە یەك بازنەدا دەخولێنەوە، تەنیا ئەوەندە هەیە بە واژەی جیاواز و بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی جیاواز بنیادی ناون، جارێك سوود لەو بۆچوونەی (ئەفلاتوون )وەرگیراوە، کە لە(گفتوگۆی خوان )دەریدەبڕێت وپێیوایە خۆشەویستی پاك هەمیشە زیندووەو بەهیچ شێوەیەك لەناو ناچێت.(٢٨)، جارێکی تریش سوود لە ئەزموونی پزیشکانی میللی و دەرمانی گیایی وەرگیراوە و کردوونی بە ئامراز بۆ بنیادنانی بیری وێنەکان .

<u>کۆمەڵەی سێیەم:</u>

ڕزگار نەبوون لە عیشق : ئەم بیرە لە دوو وێنەدا دووبارە بووەتەوە :–

١. ناسیح لە باسی عەشقەوە تەعنە لەمن مەدە

ئەم تەوقە ڕووحە گرتییە مل ڕۆژەکەی ئەلەست (٢٩)

٢. قەت لە باسی عەشقەوە حەمدی لە دڵ تەعنە مەدە

ڕووحە ئەم تەوقەی لە مل چوو ڕۆژەکەی (قالو بەلا) ( ٣٠ )

گەر لەو دوو نموونەیە ورد بینەوە ، سەرباری بیرەکەیان کە یەك بیرە، دەبینین لە ڕووی فۆرمیشەوە زۆر لە یەکدەچن :

| وێنەی یەکەم | وێنەی دووەم |
|---|---|
| ناصیح | حەمدی |
| من | دڵ |
| لە باسی عەشقەوە | لە باسی عەشقەوە |
| تەعنە مەدە | تەعنە مەدە |
| ئەم تەوقە ڕووحە گرتیە مل | ڕووحە ئەم تەوقەی لە مل کرد |
| ڕۆژەکەی ئەلەست | ڕۆژەکەی (قالو بەلا) |

لێرەدا هیچ جیاوازییەك لە نێوان ڕۆژەكەی (ئەلەست) و ڕۆژەكەی (قالو بەلا)دا نییە، بەڵكو پرسیار و وەڵامن، هەردووكیان لەیەك سورەتدا هاتوون: وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنْ بَنِي آدَمَ مِنْ ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنْفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى شَهِدْنَا أَنْ تَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ الأعراف: ١٧٢﴾ .

یەكەمیان پرسیاری خوای گەورەیە و دووەمیان وەڵامی گیانە دروستكراوەكانە . دووبارەبوونەوەی وێنە بەمجۆرە (چوونیەكی لە فۆرم و واتاو سەرچاوەدا) بە لاوازی ئەندێشەی شاعیر لە بەرهەمهێنانی وێنەكەدا دەژمێردرێت، لە كاتێكدا لە كۆمەڵە وێنەكانی پێشتردا كەمتر ئەم چەشنە دووبارەكردنەوەیەی شاعیر دەبینرێت، جا چ بەهۆی جیاوازی سەرچاوەی وێنەكانەوە بێت یا بەهۆی جیاوازی فۆرمەكانیانەوە بێت .

ئەگەر لە كۆمەڵە وێنەكانی (یەكەم و دووەم)دا، بیرەكان تاڕادەیەكی زۆر بەهۆی وشەو دەستەواژەی جیاوازەوە دووبارە بووبێتنەوە، لە كۆمەڵەی سێیەمدا بەهۆی داڕشتنی هاوشێوەوە دروست بوون، ئەوا لە كۆمەڵەی چوارەمدا بەجۆرێكی تر بەرجەستە دەكرێن و بەمجۆرە دەخرێنەڕوو:-

<u>كۆمەڵەی چوارەم</u> :

دلۆپێك شلەمەنی دەتوانێت بەرهەمێكی باشی هەبێت :-

١. پاك تینەت گەر لە بەحرا بێ بە قیمەت هەر دەگا
قەترەیێ ئاوە كە دەیكاتە جەواهێری زەمان (٣١)

٢. یەك قسەی ڕاستیش بكە بەڵكو درۆت بۆ سەر گرێ
مەنجەڵێ ژەك قەترەیێ شیرە كە دەیكاتە فرۆ (٣٢)

لە وێنەی یەكەمدا سوود لە قورئانی پیرۆز وەرگیراوە، كە لە چەند سورەت و ئایەتێكی جیاوازدا خوای گەورە دەفەرموێت:-( إِنَّا خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ نُطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَبْتَلِيهِ )الإنسان:٢ وەرگیراوە و ئەو دلۆپە ئاوە دەتوانێت مرۆڤێك بەرهەم بهێنێت ببێتە گەوهەری ژیان ، لێرەدا ناڕاستەوخۆ (پشتی باوك) بە ڕووبار چوێنراوە و (قەترە ئاو)ەكەش وەكو گەوهەر وێنەی كێشراوە. هەمان كەمینە (قەترە) لە وێنەی دووەمدا، بە دوو وێنەی جیاواز بیرێكی هاوشێوەی دەربڕیوە،لە وێنەی یەكەمی نیوە دێڕی دووەم (یەك قسەی ڕاست چەندین درۆ دەپارێزێ) بۆ بەهێزكردنی ئەم بیرە لە نیوە دێڕی دووەمدا وێنەی دووەم (قەترەیە شیر مەنجەڵێ ژەك دەكاتە فرۆ)ی لە ڕێگەی هونەری (چواندنی ناڕاستەوخۆ)وە هێناوە. هەرچەندە ئەم وێنەیە لەگەڵ واقیعی كرداری(بە فرۆبوونی شیردا )یەك ناگرێتەوە، واتا جۆرە ناواقیعییەك لە بیری وێنەكەدا هەیە، بەوەی (ژەك بۆ خۆی دەبێ بە فرۆ بەبێ بوونی شیر)، ئەمەش بەسەر شاعیردا تێپەڕیوە. بۆیە دەیتوانی بە وێنەیەكی دروستتر بیرەكەی بخستایەتەڕوو. بەكورتی دێڕی یەكەم و دووەم بیرەكانیان تاڕادەیەك لە یەكەوە نزیكن، بەڵام

دارِشتنیان جیاوازە :

| دێڕی یەکەم | دێڕی دووەم |
|---|---|
| پاك تینەت لە بەحرا بێ | یەك قسەی راست |
| بەقیمەت دەگا | درۆ سەر دەگرێ |
| قەترەیە ئاو | قەترەیە شیر |
| دەیکاتە جەواهێری زەمان | مەنجەڵێ ژەك دەکاتە فرۆ |

**کۆمەڵەی پێنجەم:**

بەکەسکردنی سوراحی و جام یا پەرداخ، کە لەم دوو وێنەیەدا دیارە :-

١. سوراحی قەهقەهە ناکا قەدەح گەر زوو دڵی پڕ بێ

بەڵێ بێ زەرفییە خەندە بە ئینسانێ کە نەیبێ زەرف (٣٣)

٢. کە جامی مەی کوڵی گریەی سوراحی دی، دڵی پڕبوو

بە چاوی پڕ لە ئەشکی خوێنەوە فەریادی کرد جەم جەم (٣٤)

هەردوو وێنەکە بە ڕێگەی هونەری خواستنەوە چنراون، هاوڕێیەتی و هاوخەمی(سوراحی) و (جام / قەدەح / پەرداخ )، کراون بە نموونە بۆ ئەوەی مرۆڤ هەمیشە سۆزە مرۆڤایەتییەکەی زیندوو بێت، بەم بەرانبەر یەکراگرتنەی وێنەکان هاوبەشیان، کە زیاتر لە نیوەی یەکەمی دێڕەکاندایە زۆرتر ڕووندەبێتەوە:-

| دێڕی یەکەم | دێڕی دووەم |
|---|---|
| سوراحی قەهقەهە ناکا(پێناکەنێ) | سوراحی بە کوڵ دەگری |
| قەدەح گەر زوو دڵی پڕ بێ | جامی مەی دڵی پڕبوو |

**کۆمەڵەی شەشەم:**

وێنەی ژنی کورد لە کاتی بۆردوومانی فڕۆکەی دوژمناندا: ئەم دیمەنە لەلایەن حەمدییەوە دوو جار وێنەی گیراوە:-

١. نامووس و حەیا چوو لە سەدای تۆپ وتەیارە

هەر حامیلەیە کەوتووەتە کووچە ئەخابەر (٣٥)

٢. وەك عەینەمەل تەییارە بگرمێنێ بۆ سەفا

یا ژن میسالی کوللە لەسەر ڕێگە بەر بخا (٣٦)

دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکان لە سەردەمی شاعیردا، دووبارە سۆز دەجوڵێنێتەوە، ئەمیش ئەندێشە دەخاتەکار، بۆ ئەوەی وێنەیەك بەرهەمبهێنێت، جا ئەو وێنەیە نوێ بێت یا دووبارە بێت،

که لێرەدا ئەمەی دواییانە، هەردوو دێڕەکە لە دوو دەقدان، لە ساڵی(١٩٢٣) دا نووسراون، لەو ساڵانەدا ئینگلیزەکان چەند جاریك بە فڕۆکە سلێمانی و ناوچەکانی تری باشووری کوردستانیان بۆردوومانکرد.(٣٧)

حەمدی لە دێڕی یەکەمدا، دوو دیمەنمان پیشاندەدات، یەکێکیان بیستراوە (دەنگی بۆردوومان بە تۆپو تەیارە)، ئەم وێنەیە هۆکارە بۆ دیمەنی دووەم (ئافرەتی دووگیان بەر دەخا)، کە ئەنجامە و بیری وێنەکەی لەسەر چڕکراوەتەوە، تاوەکو ئەو مەرگەساتە مرۆڤایەتییە بنەخشێنێت.

لە دێڕی دووەمدا هەر ئەو دوو دیمەنە خۆیان دەنوێنن، بەڵام لێرەدا وێنەکە بە سوود وەرگرتن لە هونەری(چواندن) داڕێژراوە، نەك بە ڕاستەوخۆ، لەمەشدا (تەیارە)بە (عەینەمەل)چوێنراوە، ئەم چواندنە دەرگای لە بەردەم لەدایکبوونی چواندنی دووەمدا کردوەتەوە،کە تیایدا (ژن) بە (کوللە)چوێنراوە،هەردوو چواندنەکە پەیوەست و پەیوەستراوی یەکترین و بەهایان پێکەوە گرێدراوە، بە واتایەکی تر جوانی وێنەکە لەوەدا نییە، کە (فڕۆکە) بە باڵندەی (عەینەمەل) یان (ژن) بە (کوللە) چوێنراوە، چونکە هیچیان بە تەنیا چێژ بەخش و جوان نیین، بەڵکو ئەوەی بەرگی زیندوویێتی بە وێنەکە بەخشیووە، پەیوەندی نێوان باڵندەی (عەینەمەل) و (کوللە)یە ،کە یەکەمیان بە دوژمنی مەرگبڕی دووەمیان دادەنرێت، هەر بەمەش جەخت لە چەقی وێنەکە کراوەتەوەو هەمان حاڵەت و پەیوەندی بۆ (فڕۆکە) و (ژنی دووگیان) گوێزراوەتەوەومەرگەساتەکەی هێندەی تر قووڵکردووەتەوە، هەربۆیە لە دێڕی دووەمدا لە بری شوێنی(کووچە– لە دیڕی یەکەم )،(لەسەر ڕێگە) هاتووە، ئەمەش توانای شاعیری لە بەرجەستەکردنی بیری وێنەکە بەجوانی دەرخستووە:–

| دێڕی یەکەم | دێڕی دووەم |
|---|---|
| سەدای تۆپ وتەیارە | تەییارە بگرمێنێ |
| کووچە | لەسەر ڕێگە |
| حامیلە ئەخابەر | ژن بەر بخا |

لە کۆتاییدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین، کەوا بۆ بنیادنانی هەردوو وێنەکەی سەرەوە، حەمدی سوودی لە قورئانی پیرۆز و بەتایبەتی سورەتی(الحج) وەرگرتووە ، کەتیایدا دەفەرمووێت :– چ ڀ ڀ ٺ ٺ ٹ ٹ ٿ ٿ ٽ ٽ ٽ ڈ ڈ ڤ ڤ ڦ ڦ ڦ ڦ ڦ ڄ الحج: ٢چ، ئەمە دیمەنی ڕۆژی دواییمان دێنێتە پێشچاو، بەواتایەکی تر شاعیر ناڕاستەوخۆ ئەو دۆخە نائارام و ناهەموارە سیاسییەی، کە گەلی کوردو بەتایبەتی خەڵکی سلێمانی تێیدا ژیاوە بە ڕۆژی دوایی(حەشر) چواندووە.

کۆمەڵی حەوتەم :

بەهای شت و کەس لە نێوان شوێن و ڕێکەوتدا:– شاعیر لە چوار دێڕی ناو چوار دەقی جیاوازدا جەختی لەوە کردووەتەوە، کە بەهای کەس یا شتەکان بەستراون بە شوێنیانەوە یان بە

ڕێکەوتەوە:-

١. لە نیسبەت مەوقیعایە دائیما خاسییەتی ئەشیا

موفەڕکە دامەنی دلبەر وەکو بەردی شەخس تۆزت (٣٨)

٢.بازاڕی دەهرە قیمەتی ئەشیا بە جێگەیە

مێشێ گەیشتە ڕووی نیگارێ لە خاڵ ئەچێ (٣٩)

٣.لە بازاڕی عەشقدا قیمەتی ئەشیا بەڕێکەوتە

بە لاقە کوللەیە نابێ کە بەعزەن دەست و بازوویێ (٤٠)

٤. ئیقبال و شوومی تابعی عیلم و جەهل نییە

ڕێکەوتە بازە ئەمڕۆ سبەینێ لە داڵ ئەچێ (٤١)

لە دێڕی یەکەم و دووەمدا، (شوێن/ جێگە) بەهای شت دیاری دەکات، لە یەکەمدا (دامەنی کراس) و (تۆز) بە بەها و پیرۆزن، چونکە پەیوەندن و بەستراون بە (دولبەر)ەوە. لە دووەمدا (مێش) بە بەهاو جوانە، چونکە لە سەر (ڕووی نیگار) ە. لەکاتێکدا لە دێڕی سێیەم و چوارەمدا، (ڕێکەوت) شت و کەسەکان دەنرخێنێت و بەهایان دەگۆڕێت ، لە سێیەمدا (دەست و بازووی هەندێ لە مرۆڤەکان ) بەهۆی ڕێکەوتەوە نرخیان دادەبەزێت و بەهای (لاقە کوللە)یەکیان نابێت، لە چوارەمیشدا ڕێکەوت وا دەکات باڵندەی(باز) بەهای باڵندەی (داڵ) ی هەبێت.

وێنەکان لە دێڕی یەکەم و دووەم و سێیەمدا، بە دنیای عەشق و خۆشەویستییەوە گرێدراون، بەڵام لە دێڕی چوارەمدا زیاتر لە بازنەی بابەتە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان نزیکدەبێتەوە، بەمجۆرە بیری شاعیر لە وێنەکاندا لە سەر ڕۆڵی شوێن یا ڕێکەوت لە گۆڕینی بەهای کەس و شتەکاندا چڕبووەتەوە، بەڵام بەرجەستەکردنی ئەو بیرە هەر جارەو لە ڕێگەی چەند ڕەگەزێکی جیاوازەوە بووە.

<u>کۆمەڵەی هەشتەم:</u>

ئەزەلییەتی غەمباری و ناتەندروستی مرۆڤ :-

١. لە عەشق و غەم کرا ڕۆژی ئەزەل تەرکیبی مەعجوونم

کەمیشە بەم حەددە ئەمڕۆ کە مەحزوون و کە مەفتوونم (٤٢)

٢. لە سایەی نەفسەوە سیحەت لە ئەبنایی بەشەر دوورە

بە ڕەحمەت بێ پدەر نوتفەی دەڵێی مەعجوونی عیللەت بوو (٤٣)

شاعیر لە هەردوو دێڕەکەدا (موسەییەر)انە بیر دەکاتەوە، لە دێڕی یەکەمدا پەژارە و غەمبارییەکەی بە کەم دەزانێت، چونکە پێیوایە لە ئەزەلدا لە عەشق و غەم پێکهێنراوە، لە دێڕی

دووەمــدا (نــەفس) ئــەو هۆکارەیــە، کــە وایکــردووە ،(حەمــدی) لەوەتــەی لــەدایکبووە هەمیــشە ناتەندروســت بێــت، لــە هــەردوو دێڕەکەشــدا وشــەی (مــەعجوون) ســەرەتایی دروســتبوون و دەستپێکردنی ناخۆشییەکانی شاعیر دەستنیشان دەکات، بە بەرامبەر یەکڕاگرتنی ڕەگەزەکانی هەردوو وێنەکە، زیاتر لایەنە هاوبەشەکەیان ڕووندەبێتەوە:-

| دێڕی یەکەم | دێڕی دووەم |
|---|---|
| مەعجون(نوتفە)لە غەم و عەشق پێکهاتووە | (نوتفە) ی عیللەت |
| مەحزوون و مەفتوون | صیحەت لە ئەبنایی بەشەر دوورە |
| ڕۆژی ئەزەل | پدەر |
| عەشق وغەم | نەفس (عەشق بەشێکی کارایە لە ئارەزووەکانی مرۆڤ) |

کۆمەڵی نۆیەم:

پارشێو و بەربانگ کردن بە ڕوومەت یا لێو:-

١. زەمانێکە بە ڕۆژووم بەو ئومێدەی هەر دەڵێم بیکەم

لە قورسی ڕوومەت و عەننابی لێوت بەڵکە بەربانگێ (٤٤)

٢. سحورم قورسی ڕۆژی ڕوومەتی بوو ئەم سبەینێیە

چ خۆشە گەر بمێنم مەغریبیش بیکەم بە ئیفتارێ (٤٥)

شاعیر لـە هـەردوو دێڕەکـەدا، باس لـە بە ڕۆژووبـوونی خـۆی دەکـات، لـە یەکەمیاندا بـەهۆی هونـەری چواندنەوە (ڕوومـەت)ی بە (قـورص) و (لێـو)ی بە (عـەنناب)ەوە گرێداوەو تامەزرۆبوونی خۆی بۆ هاتنی بەربانگ و شکاندنی ڕۆژووەکـەی بە (ڕوومـەت و لێـوی یـار) دەردەخـات، بۆ زیـاتر دەرخستنی رادەی تامەزرۆبوونەکەی وشەی(زەمانێکە)ی هێناوە.

لە دێڕی دووەمدا، هەر بەهۆی (چواندن)ی (ڕوومـەت)بە (قـورص)ەوە وێنەکـەی پێکهێناوە،بەڵام هێنـدە هەیـە شـاعیر بـە (ڕوومـەت) پارشـێوی کـردووەو هیواخـوازە هـەر بـە ئـەو(ڕوومـەت)ەش ڕۆژووەکەی بشکێنێت و شیو بکات.

حەمدی لە بنیادنانی وێنەکاندا، سوودی لە یاسای ڕۆژووگرتن و ڕۆژوو شکاندن وەرگرتووە، بـەو پێیـەی لـە ئـایینی ئیسلام و قورئـانی پـیرۆزدا چوارچێوەی بـۆ دانـراوە، پـەنا بردنەبـەر ئـەو یاسایەش لە پێناو دەرخستنی ئەوپەڕی تامەزرۆبوونیەتی بە (ڕوومەت و لێوی) یار.

کۆمەڵەی دەیەم:

پایە بەرزی کۆیی یار، وەکو لەم دوو دێڕەدا دەیبینین :-

١. کە پێم قابیل ببینن (حەمدی) سەر گەردی لە کۆیی یار

حەسەد بەو ئەفسەرو جاهەی کەی و جەمشیدی جەم نابەم (٤٦)

٢.حوکمداری کیشوەری سەبرە گەدایی کۆیی یار

پێی بڵێن حەسرەت بە جاهی شاهی حەفت کیشوەر نەبات (٤٧)

شاعیر لەو دوو دێڕەدا، ئەوە دەخاتەڕوو کەوا فەرمانڕەوایی کووچەی یار ئەوەندە پیرۆز و پایە بڵندە، شەیداو ئیرەیی بە هیچ فەرمانڕوایەتییەکی تر نابات، نەك هەر ئەوە بەڵکو زۆریش شانازی پێوە دەکات، سەرنجدانێك لە هەردوو وێنەکە، ئەوەمان پێدەڵێت کەوا سەرباری ئەو چوونیەکییەیان لە واتادا، لە رووی داڕشتنیشەوە زۆر لەیەکدەچن.

جگە لەو کۆمەڵە وێنانەی خستماننەڕوو، چەندین وێنەی تر لەلای حەمدی لە دەقی جیاوازو بە شێوەی جیاواز دووبارەبوونەتەوە، لەوانە :-

١. ڕاوچی کەو بە کەو ڕاو دەکات . بڕوانە لاپەڕەو دێڕ (٣١٨ د ٥ ، ٤٠٨ د ٣).

٢.گولاڵەو چلەکانی پیاڵەیان پڕ لە شەونم کردووە. بڕوانە لاپەڕەو دێڕ (٨٢ د ٢، ٤٢٧ د ٤).

٣. چواندنی ئومێد بە شاخ (لقی دار) . بڕوانە لاپەڕەو دێڕ (٣٩٦ د ٦ ، ٤١٧ د ٣) .

٤.زەمین ئارایشتی کردووە. بڕوانە لاپەڕەو دێڕ (٤٨ د ١ ، ٨٢ د ١ ، ٢٨٧ د ١) .

٥. چواندنی سەر بە تەپڵ و سنگ بە دەف. بڕوانە لاپەڕەو دێڕ (١٢٢ د ١ ،١٦٠ د ٧ ).

٦. چواندنی لێو بە بستە. بڕوانە لاپەڕەو دێڕ (٢٨١ د ١ ، ٢٩٨ د ٢).

٧. نەوەی خراپ باوانی باش ڕووگیر دەکات . بڕوانە لاپەڕەو دێڕ (١٨٢ د ٨، ٢٨٩ د ٤).

٨. فەلەك ناتوانێ لەیەککاتدا ڕۆژ و مانگ هەڵبهێنێت. بڕوانە لاپەڕەو دێڕ(٣٠٦ د ١ ، ٣٠٦ د ٣).

٩. کاری خراپی ئاشکرا لە کاری باشی ریایی باشترە. بڕوانە لاپەڕەو دێڕ (٢٨٣ د ٢٨٤،٥ د ٦، ٢٨٥د ١).

١٠. چواندنی دونیا بە ئافرەتی بێوەفا و بێکەڵك. بڕوانە لاپەڕەو دێڕ (١٩٠ د ٤ ، ١٩٢ د ١، ٢٠٩ د ٥ ، ٢٤٦ د ٦ ، ٢٧١ د ٦ ، ٢٧٨ د ٣ ، ٢٩٥ د ٢ ، ٣٥٣ د١ ، ٤١٣ د ٥ ، ٤١٦ د ٤٢٤،٣ د ١ ، ٤٣١ د ١ ).

١١. تەوزیفکردنی ئەفسانەی مانگ و ڕۆژ گیران ( ٣٢ د ٥ ، ١٣٢ د ٢ و ٣ ، ١٦٤ چوارینی ٦ ،١٦٦ چوارینی ١٥ ،٢٧٤ د ٧ ، ٤٥٤ د ٥).

١٢. نەمانی یاکەمبوونەوەی وەفا. بڕوانە لاپەڕەو دێڕ (٤١٤ د ٥ ، ٤٢٢ د ٧ ، ٤٢٤ د ٧).

## ئەنجام

لە کۆتاییدا دەتوانین ئەنجامی توێژینەوەکەمان لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا چڕ بکەینەوە:-

١. وێنەی دووبارە، تارادەیەکی زۆر بەرهەمی بیرو زەینی شاعیر خۆیەتی و جیایە لە وێنەی ئامادەکراو یا کلێشەیی، کە لە ژێر کاریگەری شاعیرێکی تر، یان وردتر بڵێین کەلەپووری شیعری پێشیندا لەدایك دەبێت، حەمدی وەکو شاعیرێکی کلاسیکی گەلێك وێنەی خۆی دووبارەکردووەتەوەو ئەمەش بە یەکێك لە شێوازە تایبەتییەکانی شاعیر دادەنرێت.

٢. هۆکارەکانی دووبارەبوونەوەی وێنە لەلای حەمدی جیاوازن، هەندێ جار بەهۆی دووبارەبوونەوەی هەڵوێست و ڕووداوەکانەوە بووە، هەروەك هەندێ جاری تریش بەهۆی پەسەندی وێنەکەو زاڵکردنی بە سەر وێنەی دیکەدا بووە، لەکاتێکدا زۆری بەرهەمی شیعری حەمدی شاعیر وەك چۆن بە بڕوای ئێمە هۆکارێکی دی بووە بۆ ئەوەی شاعیر زیاتر لە جارێك هەندێ وێنە دووبارە بکاتەوە. ئەمانە هەمووی لەپاڵ ئەوەی هەندێ جار ئەندێشەی شاعیر لە مەودایەکی تەسکدا سووڕاوەتەوە و خۆی دووبارە کردووەتەوە.

٣. حەمدی گەلێك جار بە پشت بەستن بە سەرچاوە جیاوازەکانی وەك ( واقیع ، مێژوو، ئایینی ئیسلام ، کەلەپووری میللی و...... هتد ) وێنەیەکی داهێناوەو پاشان دووبارەی کردووەتەوە.

٤. حەمدی بە سێ جۆری جیاواز وێنەکانی دووبارە بووەتەوە:-

أ. واتا وەکیەك و فۆرم جیاواز ب.فۆرم وەکیەك و واتا جیاواز ج. واتاو و فۆرم وەکیەك

٥. ئەو وێنە دووبارەوەبووانەی، کە واتاوو فۆرمەکانیان وەکیەکن بە لاوازترین جۆرەکانی وێنەی دووبارەوەبوو دادەنرێن، بەو پێیەی بەرهەمی بیر تەنکیی و ئەندێشەی تەسکیی شاعیرن.

٦. زۆربەی وێنەکان لە دەقی جیاوازدا دووبارەبوونەتەوە و هەندێکی کەمیان لە چوارچێوەی یەك دەقدا دووبارەبوونەتەوە، ئەمەی دواییان لەو وێنانەن، کە واتایان یەکەو فۆرمیان جیاوازەو بەبڕوای ئێمە دووبارە بوونەوەکەیان لە ئاگایی شاعیرەوە سەرچاوەی گرتووەو هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ یەکێتی بابەت لە دەقەکەو پەسەندی وێنەکە بەلای شاعیرەوە .

## پەراوێزەکان

١. نعيم اليافي (د) ، تطور الصورة الفنية في الشعر العربي الحديث، صفحات للدراسات والنشر ، دمشق ، ٢٠٠٨ ، ص (٥٧). ثائر محمد جاسم الجبوري ، الصورة الشعرية عند شوقي ، رسالة الماجستير غير منشوره ، جامعة بغداد، كلية الاداب ، ١٩٨٧ ، ص (٢٢٠) .

٢. سەرچاوەی پێشوو.

٣. بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە، بڕوانە : بندر علي اكبر شاكه (د)، المؤثر العربي و الفارسي و التركي في شعر الغزل الكردي الكلاسيكي ، مؤسسة حمدي للطباعةو النشر ، السليمانية ، ٢٠١٠ .

٤. فەرهاد قادر کەریم ، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا ، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە ،

زانکۆی سلێمانی ، کۆلێجی زمان ، ٢٠٠٩ ، لا (٥٦) .

٥. بڕوانە: مارف خەزنەدار (د) ، میژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی پێنجەم ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر، ٢٠٠٥ ، لا ( ٢٧٧ ) .

٦.دیوانی حەمدی ، ساغکردنەوەو ڕێکخستنی: عەبدوڵلاَ خدر مەولوود، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت ، هەولێر، ٢٠١٠، لا (٦٥ – ٦٦).

٧. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالرحمن ادریس صالح البیاتي ،الشیخ محمود الحفید البرزنجي و النفوذ البریطاني في کردستان العراق حتی عام ١٩٢٥، دار الحکمة ، لندن ، ٢٠٠٥ ، ص (٢٣٢ – ٢٣٣) .

٨. لەو ڕووەوە جارێکیان حەمدی لە بەغدا لەماڵی شێخ مەحموود دەبێت و میوان دێت ، شێخ مەحموود حەمدی بە میوانەکان دەناسێنێ و دەڵێت :– ( ئەمە ئەو کەسەیە کە من حوکمڕان بووم بە شیعر جوێنی پێدام، حەمدی دێتە جەواب و دەڵێت:– قوربان من تەنقیدم کردووە، حەددی جوێن دانم نییە، ئەویش دەڵێت:– هەرچیت وتووە گەردنت ئازاد بێت برای عەزیزی منی.) عیززەدین مستەفا ڕەسووڵ (د)، کەمالی باپیر ئاغا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ٧٩، ئازاری ١٩٨٠، لا (٢٣) .

٩. لەو بازنەیەدا کەمالی شاعیر لە دەقێکدا ئەو بیرە دەردەبڕێت و دەڵێت:–

مانگی نوێ بۆیە هەموو شەو زیاد ئەکا و ئەشنێتەوە    تا جەمالی هەر وەکو ڕووی تۆ بڕازێنێتەوە
کاتێ بوو بە چواردەهەم شەو تێئەگا نابێ بە تۆ    جا لە داخا وردە وردە کەم ئەکاو ئەتوێتەوە

دیوانی کەمالی ، ئامادەکردن و ساغکردنەوەو پێشەکی نووسینی: کەمالی عەلی باپیر ، چاپخانەی(دار الشؤون الثقافیة العامه )، بەغدا ، ١٩٨٦ ، لا(١٩٥) .

١٠. دیوانی حەمدی ، لا (٣٤٧).

١١. سەرچاوەی پێشوو ، لا (١٩٢).

١٢. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٢٧٦).

١٣. سەرچاوەی پێشوو ، لا (١٢٣).

١٤. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٤١٢).

١٥. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٤٠).

١٦. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٥٤).

١٧. سەرچاوەی پێشوو ، لا (١٧٨).

١٨. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٣٠٩).

١٩. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٢٠٨).

٢٠. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٢٣٨).

٢١. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٢٤٩).

٢٢. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٢٣٢).

**٢٣. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٢١٧).**
**٢٤. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٤٥).**
**٢٥.سەرچاوەی پێشوو، لا (٣٠٣).**
**٢٦. سەرچاوەی پێشوو، لا (٣٣٧).**
**٢٧. سەرچاوەی پێشوو، لا (٣٥٢).**
**٢٨. ئیمام عەبدولفەتتاح ئیمام ، ئەفلاتۆن و ئافرەت ، و: ئەژین عەبدولخالق ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کارۆ ، ٢٠٠٨ ، لا (١٦١ ) .**
**٢٩. دیوانی حەمدی ، لا (٢٦٤) .**
**٣٠. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٢٣٨) .**
**٣١. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٣٩١ ) .**
**٣٢. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٤٢٠) .**
**٣٣. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٣٤٤) .**
**٣٤. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٣٦٦).**
**٣٥. سەرچاوەی پێشوو ، (٣٠).**
**٣٦. سەرچاوەی پێشوو ، لا (١٦٠).**
**٣٧. بڕوانە : ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال ، ساڵی(١) ، ژمارەکانی (١٩ ، ٢١) ، پێنجشەممە ( ٢٠مارت ، ٣ نیسان ) ١٣٤٠کۆچی، لا (٣، ٢). هەروەها ڕۆژنامەی بانگی کوردستان، ساڵی(١) ، ژمارەکانی (١١ ، ١٢)، هەینی( ٢٠ ، ٢٧) تشرینی یەکەم ، ١٩٢٢، لا (٣ ، ٣) .**
**٣٨. دیوانی حەمدی ، لا (٢٦٣).**
**٣٩. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٦٦).**
**٤٠. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٤٥٩).**
**٤١. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٦٥).**
**٤٢. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٣٨٤).**
**٤٣. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٤١٤).**
**٤٤. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٤٥١).**
**٤٥. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٤٤٢).**
**٤٦. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٣٦٥).**
**٤٧. سەرچاوەی پێشوو ، لا (٢٥٨).**

## سەرچاوەکان


**– قورئانی پیرۆز**

**یەکەم : کوردییەکان**

**أ . کتێبەکان :**

**١. ئیمام عەبدولفەتتاح ئیمام ، ئەفلاتۆن و ئافرەت ، و: ئەژین عەبدولخالق ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کارۆ ، ٢٠٠٨ .**

**٢.دیوانی حەمدی ، ساغکردنەوەو ڕێکخستنی: عەبدوڵڵا خدر مەولوود، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر، ٢٠١٠.**

**٣. دیوانی کەمالی ، ئامادەکردن و ساغکردنەوەو پێشەکی نووسینی: کەمالی عەلی باپیر ، چاپخانەی(دار الشؤون الثقافية العامه ) ، بەغدا ، ١٩٨٦ .**

**٤. بڕوانە: مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی پێنجەم ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر، ٢٠٠٥ .**

**ب. گۆڤارەکان :**

**١. د. عیززەدین مستەفا رەسووڵ ، کەمالی باپیر ئاغا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ٧٩ ، ئازاری ١٩٨٠.**

**ج . ڕۆژنامەکان :**

**١. ئومێدی ئیستقلال ، ساڵی(١) ،ژمارەکانی (١٩ ، ٢١) ، پێنجشەممە ( ٢٠مارت ، ٣ نیسان ) ، ١٣٤٠کۆچی.**

**٢. بانگی کوردستان، ساڵی(١) ، ژمارەکانی (١١ ، ١٢)، هەینی (٢٠ ، ٢٧ تشرینی یەکەم) ، ١٩٢٢.**

**د .نامە زانکۆییەکان :**

**١. فەرهاد قادر کەریم ، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا ، تێزی دکتۆرای بلاونەکراوە ، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێجی زمان ، ٢٠٠٩ .**

**دووەم : عەرەبییەکان**

**أ. کتێبەکان**

**١. بندر علي اكبر شاكه (د) ،المؤثر العربي و الفارسي و التركي في شعر الغزل الكردي الكلاسيكي ، مؤسسة حمدي للطباعةو النشر ، السليمانية ، ٢٠١٠ .**

**٢. عبدالرحمن ادريس صالح البياتي ،الشيخ محمود الحفيد البرزنجي و النفوذ البريطاني في كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥ ، دار الحكمة ، لندن ، ٢٠٠٥ .**

**٣. نعيم اليافي (د) ، تطور الصورة الفنية في الشعر العربي الحديث، صفحات للدراسات والنشر ، دمشق ، ٢٠٠٨ .**

ب . نامە زانكۆییەكان

١. ثائر محمد جاسم الجبوري ، الصورة الشعرية عند شوقي ، رسالة الماجستير غير منشوره ، جامعة بغداد ، كلية الاداب ، ١٩٨٧ .

## الملخص

الصورة تعد أحد العناصر الرئيسة التي لايمكن للنص الشعري الاستغناء عنها وكذلك ان يحافظ على خصائصه الفنية من دونها ، لذا يهتم الشاعر بإبداع الصورة في شعره باستمرار ، بهدف المحافظة على شعرية نصوصه و بث روح الخلود فيها ، وفي تلك المحاوله فإن الشاعر احياناً (سواء بوعي او بغير وعي) قد يكرر صورة واحدة أكثر من مرة في القصيدة نفسها او في قصائد مختلفة ، و في هذا البحث نحاول تسليط الضوء على ظاهرة (الصورة المكررة) و تحديد هذا النوع من الصورة و بيان أسباب تكرارها و توضيح كيفيتها و نوعيتها في شعر(حمدي) الذي يعد من الشعراء البارزين في الطبقه الثانية لمدرسة (بابان).

## Abstract

Image is one of the basic elements which in order to keep its features a poem cannot miss it. So, the poet always interested in the creativeness of the poetic image aiming at making his poem.

Glorious here consciously or unconsciously the poet may repeat an image more than one time within the same poem or other poems. In this research we are going to try to shed light on the phenomenon of repeated image to define, to mention the reasons behind repeating it, its quality and quantity and clarifying its type in (Hamdis) poems , the poet who is considered one of the prominent poets in the second class of Baban school.